www.kurdistannet.org
23-2-2006 11:36بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# تاسە دەستکردەکانی لێپرسراوان! ... ئەندازیار نەریمان مەلا محمد گەڵاڵی



هەموو شەقامێکی ناوەخۆیی واتە هی ناوەوی شارەکان کە قیرتاو دەکرێت ئەگەری ئەوەی هەیە تێک بچێت یان برمێت هەرچەندە ئەگەر بە پێی مواسەفاتی هەندەسی و پێوانەییش دروست بکرێن جا چ لەئەنجامی خراپی بەکارهێنان و خراپکاریەوە بێت یان لە ئەنجامی کاری تری بنیاتنان وەکووهەلکەندن بۆ کەناڵەکانی تەلەفۆن و کارەبا و ئاوەڕۆ کە ئەوە لە نووسینێکی تر باسی دەکەم. کاری خراپکاری بەهۆی کەسانێکی ناشارستانی ی لەئەنجامی دروستکردنی تاسە بە هەڵکەندنی کەناڵێکی بچووک لە ڕووی پانی شەقامەکە و کەڵەکە کردنی قیڕی کەناڵەکە تاکوو تاسەیەک دروست بکات و سەیارە لە ئاستی ماڵەکەی ئەو خێراییەکەی کەم بکاتەوە!! هەندێک کەس لەوانە لێپرسراون و سەر بە دامو دەزگای میرین و شەقامەکان بۆیە تێک دەدەن تا ئەوشاقامانە نەبنەهۆی ئەوەی دەستدرێژیان لێبکرێت و تاوانبار بە سورعەی بەرق دەربازی بێت! ئەوانە لەئەنجامی گەندەڵی باوەریان بەخۆیان و دارودەستەو تەنانەت داروبەردو شەقامی شارەکەشیانەوە نیە جا من لێرەوە دەپرسم توخوا ئەو جۆرە کەسانە شایستەی ئەوەن کە بە ببن بە لێپرسراو ونوێنەری ئەوخەڵکە داماوە؟

ڕۆژێک لە هەولێر بە شەقامێکی سەرەکی دادەڕیشتم کە ئەوەندە نەبوو قیڕ کرابوو لە دوورەوە بینیم ئاگر لەشەقامەکە بەردراوە و دوو کەس خەریکن بە قازمەو خاکەناس و یەکێکیش دەم دەمە بانزینی پێدا دەکات لە دوورەوە ئاماژەیان بۆ کردم کە بگەڕیمەوە و ڕێگاکە کاری خێری لەسەر دەکرێت! بەڵام من بە هێواشی بەرەو روویان چووم و لەبە رامبەریان لە سەرشەقامەکە راوەستام بە بێ ئەوەی هیچ قسەیەک بکەم. سەیارەم کوژاندەوەو هەناسەیەکی زۆر ساردم هەڵکێشا و دەیان بیرکردنەوەی سەیرم بۆ هات وزۆر زگم بە خۆم و بەو میللەتە بەستەزمانەی خۆمان سووتا و لە دڵی خۆم گووتم ئەی خوا ئەقڵ بە ئەولادمان بدات بۆ خۆو ماریفەتی کە هەمانە! تازە ئەو عەقلیەتانە چۆن چاک دەکرێن؟. من هەر قسەم نەکرد و هەر سەیریانم کردم دیار بوو لەو سەیر کردنەی من شپرزە بوون و لەگەڵ یەک قسەیەکیان کرد و هاتنە لای من منیش هەر لەناو سەیارەم و گوتیان ها مامۆستا بەدڵتە؟ گوتم ناوەللە. گووتیان دەنا چۆنتان پێ گووتین ئەوە ئاوامان لێکردوە مەگەر دەبابە بتوانێ لێرەوە ڕەت بێت! گووتم دەبابەی چی و حاڵی چی خۆ ئیرە مەعەسکەر و جەبهە نیە؟ گووتیان دیارە تۆ ئەو (مەنسوول) ە نیت خاوەنی ئەو ماڵ و ئەو هەموو پاسەوانە و حەسحەسە بیت گووتم ناوەلا کاکی برا من ڕێبوارم. گووتیان دە کاکێ مادەم ڕێبواری بەگێک لێدەو خۆشت تووشی سەرێشە مەکە ئەگەرنا بەخوا بەیەک فیتە خۆت لە مەحەتە دەبینیەوە! ئیتر ئەوەیە ئێمە ئیختیساسی تاسە درەستکردنمان وەرگرتوەو ڕاسپێراوین کە تاسە دروست بکەین لەو سەرو ئەوسەری کۆڵان جا جادە چی لێدێت ئێمە نازانین ئەوە لەوانەیە لە ئیختیساسی تۆ بێت!. گووتم باشە ئەو مەسوولە فەندیە دەبی لەماڵ بێت تەنها یەک شتی پێ بڵێم، گووتیان وەللە پێمان باشە چۆن هاتی ئاوا بگەڕیەوە و لێی نەپرسی چونکە دەڵێن زۆر گەورەیەو عەسەبیشە!. بە یەکێکم گووت بزانێ ئەگەر

لەوێیە پێی بڵێت ئەو برادەرە لەدەرەوە هاتۆتەوەو یەک ئیشی بچووکی پێیەتی. لە دڵی خۆم گوتم دەبا بچم خۆ نام کوژێ ئەگەر زانیم بەکەڵکی ئەوە دێت و قسەی لەگەڵ دەکرێ ئەوەی لە دڵمە پێی دەڵێم ئەویش ئەوەیە (باشە ئەگەر هەرلێپرسراوێک لەم شارە دوو تاسە لەسەر شەقام دروست بکات ئەو شارە چی لێ بەسەر دێت؟!) ئەگەرێش سەرو سیمای لە عەسابەکانی فلیمەکانی کاوبۆی بچێ ئەوا مەجبوورم پێی بڵێم کە بچێتە هۆلیوود دەورێک لەو بابەتە وەرگرێت چونکە پارەی زیاتری تێدایەو (شبح) و شەوەو جنۆکەو لەمەچیتریشی لێ نیە کەزەندەقی لێیان چوە! لەو لێکدانەوانەدا بووم کە حەرەسەکە پێی گۆتم کاکە بە ئیفاد چۆتە دەرەوە تابەشداری بکات لە کۆنفرانسی ئاوەدانکردنەوەی کوردستان!! ئیتر مەجبوور بەگێکم لێداو بەخۆشم نەمزانی بەرەو کێ دەڕۆم.